هەڤکاریکرنا مالباتێن دەبدەربوو یێن دەڤەرێن باشووری ئیراقێ

خەبات/ئاکرێ-رەمەزان باشقالی: مسعود یاسین نوێنەری دەزگەهێ خێرخوازی یێ بارزانی نەمر ل ئاکرێ تایبەت بۆ رۆژنامەیا خەبات راگەهاند کو دوهی ژبۆی پێتر هەڤکاریکرنا وان مالباتێن کورد یێن ب ئەگەرا کارێن ترۆرستی ل پارێزگەها میسا و دەڤەرێن باشووری ئیراقێ دەبدەر بووین و ل دەڤەرا ئاکرێ ئاکنجیبووین دەزگەهێ خێرخوازیێ بارزانی نەمر بهەڤکاری دگەل رێکخراوا WFP هون ئالیکاری کو پێکهاتبوون ژکەلوپەلێن خوارنێ هاتن پارڤەکرن ب سەر خێزانێن دەبدەربووی، هەروەها راگەهاند ژی کو ئالیکارییێن هان لدویف پرۆگرامەکێ دارشتی ب بەردەوامی دئێن دابەشکرن و هەردوو هەیڤا جارەکێ.

ئاکرێ.. سمینارەک بۆ بەرپرسیارێ لقێ 9 یێ پارتی

خەبات/ئاکرێ-رەمەزان باشقالی: دوهی ل هۆلا نوی یا هەلکەفتان و ب ئامادەبوونا قایمقامێ قەزا ئاکرێ و رێڤەبەرێن تەڤ سازیێن میری و ئەمنی ل سنورێ قەزا ئاکرێ سمینارەک هاتە ئاراستەکرن ژلایێ قادر قەچاغ بەرپرسیارێ تایێ نەهان یێ پارتی کو تێدا بال کشاند سەر پێگریکرن ب رێنماییێن حکومەتێ و پرەکتیزەکرنا وان ب ئاوایەکێ وەک هەڤ ل سەر تەڤ چینا ولاتیان ببێ جوداهی، لدویفدا تەکەس ل سەر نەهێلانا گەندەلیێ د سازیێن حکومەتێ دە کر و لدوایێ ژی بال کشاند سەر پرۆسیسا هەلبژارتنا و دەنگدان و بەردفچۆنا هەلبژارتنان ب ئەرکەکێ نیشتمانی ل قەلەم دا.

بانگێک لەحاجی ئۆمەران کرایەوە

خەبات/ بەختیار قادر - ن. چۆمان: لەپێناو زیاتر کارئاسانی بۆ ناوچە دور دەستەکان و رایی بوونی ئیش و کاری هاووڵاتیان، بەنکی رەشید، لقێکی بەنکی بەناوی بەنگی هەڵگورد لە شارەدێی حاجی ئۆمەران کردەوە، لەم بارەیەوە عومەر عەلی بەرێوەبەری بەنکی هەڵگورد بە خەباتی راگەیاند: بەفەرمانی کارگێڕی ژمارە 15 لەرێکەوتی 2010/1/5 کە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی بەنکی رەشید نوسراوە ئامارە بە فەرمانی وزاری ژمارە 18218 کراوە، بەپێی ئەو بڕیارانە بەنکی هەڵگورد کراوەتەوە، روونیشی کردەوە کە پێشتر نوسینگەیەکی بەنکی هەبوە و لە ئێستاشدا بۆتە بەنک ناوچەکە دەگەیەنێت.

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا سوودی سەر قەرزی کشتوکاڵ هەڵبگیرێت

دوێنێ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەسەرپەرشتی د، بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبۆوە. سەرەتای کۆبوونەوەکە د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەسەرکەوتوو وەسف کردو بەهەنگاوێکی گرنگی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو لای وەسف کرد، دواتر ئامارەی بەسەد رۆژی کارکردنی حکوومەت کردو لەو بارەیەوە راڕیگەیاند: لەو ماوەیەدا حکوومەت وەکو یەک تیم کاری کردووە هەموومان هاوکاری یەکتر بووین بەیەکەیشەوە رووبەرووی کێشەو گیرو گرفت و ئاستەنگەکان بوینەتەوە.

لەپێناو خزمەتکردنی جوتیاران و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیش ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا کەبڕی 2% سودی قەرزی کشتوکاڵ هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی جوتیاران بتوانن باشتر سود لەو قەرزە وەربگرن. هەر لەکۆبوونەوەی دوێنێ ئەنجوومەنی وەزیراندا دەستپێشخەری حوکمڕانی دروست و شەفاف پەسەند کرا، وەکو بنەمایەک بۆ دامەزراندنی حوکمڕانیەکی نوێ و شەفاف کەبەهۆیەوە زۆرترین خزمەتی هاوولاتیان بکرێت، بەگوێرەی ئەو دەستپێشخەرییە دەبێت سەرجەم وەزیرو خاوەن پلە تایبەتییەکان لەحکوومەتی هەرێمدا سەروەت و سامانی خۆیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئاشکرا بکەن، هەروەها ڕێگەش بەخاوەنی پۆستە تایبەتەکان نادرێت سەرقاڵی کاری تایبەتی خۆیان بن وەکو بوونی کۆمپانیاو چاڵاکی بازرگانی و وەبەرهێنان، سەرەڕای جیاکردنەوەی چاڵاکی کەرتی تایبەت وگشتی وچاڵاکی سیاسی و خزمەتی مەدەنی. لەدرێژەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا وەزارەتی تەندروستی راسپێردرا کەبەڵگەنامەیەک سەبارەت بەلەبەرچاوگرتنی مافەکانی نەخۆش ئامادە بکات وەکو بەشێک لەپێداچوونەوەی سەرانسەری سیستەمی تەندروستی لەکوردستاندا، سەرەڕای رەزامەندی دەربڕین لەسەر دابینکردنی پێداویستی بۆ نەخۆشخانەکان و پێداچوونەوە بەسیستەمی گرپینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی.

لەلایەکی دیکەوە ئەنجوومەنی باڵای ئابووری هەرێمی کوردستان بەسەرپەرشتی د، بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە. لەکۆبوونەوەیەکدا تەئکید لەسەر جێبەجێکردنی پلانی پێنج ساڵەی کشتوکاڵ کرایەوەو وەزارەتی کشتوکاڵیش ئەو پرۆژانەی خۆی خستەڕوو کەلەبودجەی 2010 دا نەهاتوون لەو بارەیەوە بڕیار درا لێژنەیەک لەوەزارەتی دارایی و کشتوکاڵ و سامانە سروشتییەکان پێک بهێنرێت بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەو پرۆژانە، هەروەها بڕیاردرا کەبانکی کشتوکاڵی زیاتر چاڵاک بکرێت بۆ ئەوەی جوتیاران بتوانن سودی لێ وەربگرن و قەرزی پێویستیان پێبدات.

هەر لەدرێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی گەلاڵە نامەیەک سەبارەت بەپاراستنی بەرهەمی خۆماڵی ئامادە بکات و لەکۆبوونەوەی داهاتوودا بخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، سەرەڕای پەرەپێدانی هەفتە بازار بۆ خێزان و خەڵکی کەمدەرامەت.

بەمەبەستی زیاتر کۆنترۆڵکردنی کرپینی دەرمان و پاراستنی سەلامەتی هاووڵاتیان ئەنجوومەنی باڵای ئابووری بڕیاریدا کەلێژنەیەکی تایبەت بەسەرپەرشتی وەزیری تەندروستی ونوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران و کەسانی پسپۆڕ پێک بێت بۆ کرپینی دەرمان، بەشێوەیەک کە لەگەڵ ستانداردی جیهانی بگونجێت و جۆری باشی دەرمان بهێندرێتە هەرێمی کوردستان.

داوا لەلیژنەی تایبەتی کێشەی قوتابیانی زانکۆ ئەهلیەکان کرا عادیلانە لێکۆڵینەوە لەکێشەکە بکەن

دوای ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا، بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەی قوتابیان وخوێندکارانی کۆلێژە پزیشکیەکانی دەرمانسازی و پزیشکیی ددان لەزانکۆ ئەهلیەکان، دوێنێ بەسەرپەرشتی دکتۆر کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ لێژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە، دواتر لەگەڵ ئەو لێژنە تایبەتیە کۆبونەوە کە بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەی قوتابیان و زامنکردنی خوێندن بۆیان پێکهێنراوە لەپێناو نەهێشتنی لەدەست دانی خوێندنی قوتابیان و خوێندکارانی ئەو کۆلێژانە بەتایبەتیش لەو بوارانەی کە لێی وەرگیراون و روونکردنەوەی راستیەکان و هۆکارەکانی دروست بوونی ئەم کێشەیە و پێشنیاری دروست بۆ چارەسەری کێشەکە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، هەروەها داوا لەئەندامانی لێژنەکە کرا زۆر بەعادیلانە وبێ لایەنی لێکۆڵینەوە لەبارەی هەموو ڕوویێکی ئەم کێشەیە ئەنجام بدەن و هۆکاری دروست بوون و لایەنی کەمتەرخەم و لەهەموش گرنگتر چارەنووسی قوتابیی و خوێندکارەکان و پێشنیاری گرنگ بۆ بەردەوام بوونیان لەخوێندن و نەهێشتنی لەدەستدانی مافی خوێندنیان، پێشکەش بکەن.

پارێزگاری هەولێر پرۆژەکانی سنوری قەزای خەبات بەسەردەکاتەوە

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشی بەرێوەچوونی کاروپرۆژەکان، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بەیاوەری رزگار مستەفا قایمقامی قەزای خەبات و ئیسماعیل محەمەد بەرێوەبەری شارەوانیەکانی هەولێر پرۆژەکانی شارۆچکەی خەباتی بەسەرکردەوە کە بەگوژمەی نزیکەی سێ ملیار دینار لە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا جێبەجێ دەکرێن. سەرەتا بەرنامەی قیرتاوکردنی شەقامەکانی گەڕەکی ئاشتی بەسەرکردەوە بەرووبەری 10000مەتری دووجا و بەگوژمەی یەک ملیار و دووسەد ملیۆن دینار لە جێبەجێکرندایە. دواتر پرۆژەی دروستکردنی شەقامەکان و تۆڕی ئاوی گەڕەکی کانی مام سنج بەسەرکرنەوە کە بەگوژمەی یەک ملیار و دووسەد و پەنجا ملیۆن دینار لەجێبەجێکردندایە لە کۆتاییشدا پرۆژەی شەقامەکانی ناوچەی پیشەسازی خەباتیان بەسەرکردەوە کە بەگوژەی 250 ملیۆن دینار جێبەجێ دەکرێت. پارێزگاری هەولێر جەختی لەسەر بەردەوامبوونی کاروپرۆژەکانی خزمەتگوزاری سنوری قەزای خەبات کردەوە کە ئەمسالیش بەهەمان ئاراستە خزمەتگوزارییەکان تەواودەکرێن و لەتێکڕای سێکتەرەکانەوە بەردەوامیان دەبێت.

کەسێک 5 هەزار دۆلار لەماڵی پورێکی خۆی دەدزێ

خەبات/کارزان حەیدەر: پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەو 5 هەزار دۆلارەی کە لەماڵی هاووڵاتیەک دزرابوو لەشاری هەولێر، پۆلیس کەسێکی نزیکی خاوەن ئەو ماڵەی بەگومانی دزیکردنەکە دەستگیرکرد. ئەفسەری راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند: ئافرەتێک نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی باشووری لەدزرانی 5 هەزار دۆلار لەماڵەکەی ئاگاداراکردۆتەوە، پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەیە لە شوێنی تاوانەکە کراوە، دەرکەوتووە کە ئەو شوێنەی پارەکەی لێ بووە نەشکێندراوە بەڵکو بەکلیل کراوەتەوە، بۆیە گومان کەوتە سەر یەکێک لە کوڕە خوشکەکانی ئەو خاوەن ماڵە کە کە لەلایان بووە، دوای دەستگیرکردنی ناوبراو و لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵیدا، دانی بەوە ناوە کە پارەکەی بردووە و لەژێر هەندێ کەلوپەلی ماڵ شاردویەتیەوە، لەبەرامبەردا دادوەر بەمادەی 446 فەرمانی بەندکردنی بۆ دەرکرد.

تونس.. یەکەمجار کورد بەشداری لە نووسینەوەی ڕاپۆرتی تایبەتی بە مافەکانی منداڵانی جیهان دەکات

خەبات/مەریوان نەقشبەندی: رێکخراوی یونسیف بەهاوکاری پەیمانگای عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ خولێکی تایبەتی بۆ کارمەندانی وەزارەتە پەیوەندارەکانی ئێراقی و کوردستانی لە ولاتی تونس بۆ ماوەی پێنج رۆژ ئەنجامدا، ئەم خولە تایبەت بوو بە چۆنیەتی نووسینەوەی راپۆرتی تایبەت بە مافەکانی منداڵان لە جیهاندا کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ نووسینەوەی تەواو بێت و پێشکەشی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لەم خولەدا کەخاتو تاڤگە عومەر رەشید بەرێوەبەری گشتی مافی مرۆڤ نوێنەری هەرێمی کوردستان بوو لیژنەی تایبەت بە نوسینەوەی راپۆرت بە پشت بەستن بە رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ و هەردوو پرۆتۆکۆلی ئیختیاری و گفتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی پێشوی ئێراق کە لەساڵی 1996 دا پێشکەش کرا بوو، هەروەها تێبینی و راسپاردەکانی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی منداڵ لە نەتەوە یەکگرتوەکان زانیاری تەواویان لەسەر ئەوەی کە پێویستە لە راپۆرتی ئەمجاری ئێراقی فیدراڵدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە پێدراو بەو پێیەش ئەمە یەکەمین راپۆرتە کە لەسەر رەوشی منداڵانی ئێراق پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرێت و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت دوای رووخانی رژێمی پێشوو. هەروەها یەکەم جاریشە هەرێمی کوردستان بەشداری لە نوسینەوەی راپۆرتی تایبەت بە مافەکانی منداڵ دەکات.

نامەیەکی دکتۆرا لەزانکۆی سلێمانی

نامەی خوێنکاری دکتۆرا عەبدولقادر حوسێن حەمەد بە ناونیشانی کاری پرۆگرامی راوێژی فێرکاری دەرونی لەسەر تەنگژەی دەروونی Psychological ditressژنی بێ منداڵ لەهۆڵی رۆناکی زانکۆی سلێمانی لیژنەی تاوتوکردن پەسندکرا بە پلەی نایاب. لیژنەی تاوتوێ کردن لەم بەرێزانە پێکهاتبوو پ.د.بدیعە محەمەد نەجیب لەزانکۆی هەولیری پزیشکی/کۆلیژی پەرستاری سەرۆکی لیژنە، پ.ی.د.سعدون داود ئەلجبوری لەزانکۆی کەرکووک کۆلیژی پزیشکی ئەندام،پ.ی.د.سەجا محەمەد هاشم رێکخراوی تەندروستی جیهانی who ئەندام،پ.ی.د.شروق منیر یەعقوب زانکۆی بەغدا کۆلیژی پەرستاری ئەندام،پ.ی.د.چاچان جومعە ئەلخالدی زانکۆی دهۆک کۆلیژی پەروەردەی بنیات ئەندام،پ.د.سلوی شاکر ئەلکروی زانکۆی سلێمانی کۆلیژی پەرستاری ئەندام و سەرپەرشتیار.

لەبەر ئەوەی مامەڵەیەکی ناتەندروستیان بەرامبەر کراوە کۆلیژی بەریتانی لەسلێمانی تا 3/1 کارەکانی ڕاگرت

بەرهەم شێخ عزەدین

دوای وەرگرتنی رەزامەندی لەسەرکردنەوەی کۆلیژی بەریتانی بۆفێربوونی زمانی ئینگلیزی لەشاری سلێمانی کە لەشاری هەولێرو دهۆکیش لقی هەیە. دوای ئەوەی ئەم کۆلیژە بەهەماهەنگی و هاوکاری بالیۆزخانەی ئەمریکا بەرنامەیەکیان تاوتوێکردو پرۆژتۆکۆلێکیان ئیمزاکرد بۆ وەرگرتنی قوتابی هەژارو کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەستکرا بەجێبەجێکردنی لەهەولێر 20 قوتابی و لەدهۆک 20 قوتابی، وەکو هاوکاری و بەهۆی زۆری داخوازی لەسلێمانی 30 قوتابی لەدوو دەوام دەوامبکەن و دوو مامۆستایان بۆ دابینبکرێ لەکاتێک لەهەولێرو دهۆک یەک مامۆستاو یەک دەوام. دکتۆر کەمال قادر درەیی سەرۆکی کۆلیژ بەخەباتی گووت: ئێمە لەپێناوی خزمەتکردنی بەخەڵک ئەمکارەمانکرد کە نزیکەی 10 هەزار دۆلارمان سەرفکرد لەسلێمانی، هەروەها ئەم کۆلیژە بالیۆزی ئەمریکاو خەڵکی بیانی سەردانی دەکات بۆیە ئێمە لەشارەوانی داوای رێپێدانمانکرد کەدیواربەند یاخود بەردی پاراستن لەبەردەم دەرگادابنێین ئەوانە رازیبوون و داوای مۆڵەتی پەروەردەیان لێکردین، ئەمڕۆ مۆڵەتەکەمان تەواوبوو رەزامەندیان نیشاندا، بەڵام بەداخەوە بەرێوەبەرایەتی لادانی سەرپێچی شارەوانی سلێمانی هاتوون دوای ئیهانەکردنی بەرێوەبەری لقی سلێمانی کۆلیژ دیوارەکانیان رووخاندووە زۆر بەشێوەیەکی ناشیرین ئەوکاردیان ئەنجامداوە دکتۆر کەمال زیاتر گوتی: بۆیە ئێمە بڕیاری ڕاگرتنی کارەکانمان لەسلێمانیدا هەتاکو 3/1 تا ئەوکێشەیە چارەسەر دەبێت.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

برای بەرێز کاکە د.ڕەئووف میرزا

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی ناوادەی خوشکی بەرێزتانم پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمانتان پێ رادەگەیەنم، لەیەزدانی مەزن داواکارم رەحمەتی بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئەمە دواکۆستی بنەماڵەکەتان بێت و سەبوری گشت لایەک بدات.

انا لله وانا الیه راجعون

براتان/ د.رۆژ نوری شاوەیس

جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ

***

بۆ بنەماڵەی شێخ محەمەدی فەقیرە

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی خوشکی بەرێزتان و ئافرەتی تێکۆشەری گەلەکەمان خاتوو سەعدەم پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان پێ رادەگەیەنم لە یەزدانی مەزن داواکارم رەحمەتی بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و دواکۆستی بنەماڵەکەتان بێت و سەبوری گشت لایەک بدات.

انا لله وانا الیه راجعون

د. رۆژ نوری شاوەیس

جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ

***

بۆ بەرێز کاک نەژاد عەزیز سۆرمێ

زۆر بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاڵی بەرێزتانم پێ گەیشت، پرسە و سەرەخۆشیمان بۆ ئێوە و هەموو بنەماڵە بەرێزەکەتان، داوا لە خودای مەزن دەکەین کە جێگەی خواڵێخۆشبوو بەهەشت بێ و سەبووری دڵی هەموو لایەک بدات.

انا لله و انا الیه راجعون

موحسین دزەیی

رێڤەبەریا گشتی یاچاندنێ ل دهۆکێ دەماوێ دەربازبوی دا بگوژمێ پتر ژچار ملیار دینارا پروژە بجه ئانینه

موسلح-ن.دهوک: محەمەد ئیبراهیم ئامێدی رێڤەبەرێ راگەهاندنا فەرمانگەها گشتی یا چاندنێ ل دهۆکێ داخویاکرن کو ل هەیاما دەربازبوی فەرمانگەها وان ببهایێ 4 ملیار و 480ملیون دینارا 16 پروژێ چاندنێ بجه ئینایە ژوانا ئاڤاکرنا کارگەها بەرهەم ئینانا ئالفێ ماسیا ل کومەلگەها خانکێ دامەزراندنا کارگەها پاقژکرنا توڤێ دەرامەتێ چاندنێ بو بەرهەم ئینانا توڤێ پەسەندکری ل فەیدیێ، دانانا کارگەها بەرهەم ئینانا زەیتا زەیتونا ل باشیکێ، دانا 70 خانیێن پلاستیکی ل سەرانسەری پارێزگەها دهۆکێ ئاڤاکرنا ژوور و سیاج و ئومبارا ل هندەک فەرمانگەهێن چاندنێ، نوژەنکرنا چەند ئاڤاهی و دامو دەزگەهیێن چاندنێ لسنورێ پارێزگەهێ ئامێدی ئەوەیک ژی دازانێن کو بەری نووها فەرمانگەها چاندنێ 9 ئومبارێن تەزیاتێ بو ئومبارکرنا فیقی و زەرزەواتی ل دەڤەرێن سێمێلی و کانی ماسێ و بریفکا و بامەرنێ و مانگێشکێ و ئاکرێ و بەردەرەش و دوو ئومبار ژوان ل زاخو ئاڤاکرینە مەرەم ژ ئاڤاکرنا وان ئومبارێن تەزاندنێ ئەوە دا بەرهەمێ جوتیارا ژ خرابونێ بهێتە پاراستن هەتا دبیتە دەمێ فروتنێ رێڤەبەرێ راگەهاندنا فەرمانگەها چاندنێ ئامارە بو چەندێ ژی دا کو ل سالا2009 ێ فەرمانگەها چاندنێ ل پارێزگەهێ بگوژمێ 2ملیار و 164 ملیون دینارا هاریکاریا جوتیارا کریە بو ڤەگوهاستنا فیقی و دەرامەتی چاندنی بو بازاری و عەلوا کو هەر سال ژ 6/1 هەتا 12/15 بەردەوام دکەت.

پاریزگاری هەولێر: ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا سوودی سەر قەرزی کشتوکاڵ هەڵبگیرێت

پرۆژەکانی سنوری قەزای خەبات بەسەردەکاتەوە